گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# جیاوازی شوێنی بۆ هێزی کار لە کە رتی پە روە ردە لە ناوە ندی قە زای کە لار

**چیمن عمر عبدالرحمن**

بەشی جۆگرافیا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Jaymin.omar.abdulrahman@gmail.com

**سەرکەوت حمەخورشید احمد**

بەشی جۆگرافیا,کۆلێژی پەروەردە,زانکۆی گەرمیان,کەلار, هەرێمی کوردستان، عێراق

Sarkawt.hamakhursheed@garmian.eud.krd

**سان سالار سامی الأسعدي**

بەشی ئابووری، کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان. عێراق.

Saansalar91@gmail.com

**نرمین عبدالله محمد**

بەشی کۆمەڵایەتی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان. عێراق.

Narmin.abdulla@garmian.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٤/٢/٨

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٣/٢٥

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

**پوختە**

هێزی کار لە جیهانی ئەمرۆدا یەکێکە لە سێکتەرە جیاوازەکان توانیویەتی بەپێی زەروورییەتی کۆمەڵگە و جیهان رۆڵی سەرەکی ببینن. یەکێکە لەو سێکتەرانە کەراستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاک هەیە و لەئاستی جیهانیشدا بۆتە فاکتەری دەست بەسەرداگرتنی جیهان، سێکتەریکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئابوورییە ئەم هیزیکار پێویستیەکی سەرەکی کۆمەڵگایە و ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتنەیە کە کۆمەڵگا پێی گەیشتووە,

گرنگی و بایەخی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە لایەنێکی بایەخدارو کاریگەری لەبواری جۆکرافیای دانیشتوان تاوتوێ وشیدەکاتەوە،ئەویش هیزی کار لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردە لەشاری کلار.هەروەها ئامانج لەم توێژینەوە دیاریکردن و ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە وزانینی ئاستی هیزی کارە لەوەزارەتی پەروەردە لە ناوچەی لیکۆلینەوەکە, لەناوەندی شاری کلار کۆی گشتی فەرمانبەروو مامۆستای کرێبەست تەنها 8کەس،وە ٣٧٢٣ فەرمانبەروماموٚستای هەمیشەین، لە ناوچەی لێکۆڵینەو زۆرترین هێزی کار بە گویرەی بڕوانامەکان لە دبلۆم کە ژمارەیان دەگاتە(1274)کەس نزمترین بڕوا نامە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتییە لە دبلۆمی باڵا تەنها چوارکەسن.

*workforce, ministry of education, primary and secondary،school, kindergarten, GIS*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.10.24

## پێشەکی:

هێزی کار ئەو هێزەیە کەمرۆڤ لەسەرکارهەیەتی، کەپێکهاتووە لە کۆمەڵێك توانای مادی هزری تەواو لەلەشی مرۆڤدا و لەکەسایەتی زیندووی،هیزی کار دامەزرێنەرو جوڵێنەری هۆیەکانی بەرهەمهێنایە ،لەگەڵ پیشکەوتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لە مرۆڤدا توانای زیاتر بۆکارکردن دروست دەبێت ،کار توانای مرۆڤە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەدەستهێنانی بژێوی و دابینکردنی پێداویستی و لە ئەنجامدا بەشداریکردن لە دروستکردنی خۆشگوزەرانی گشتی بۆ کۆمەڵگە هێزی کار ئەوکەسانە دەگرێتەوە کەتوانای کارکردنیان هەیە بەکاری بەرهەمهێنی هەڵدەستن لە بری ئەم کارەشیان کرێ وەردەگرن، ئەم حاڵەتە, ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان, لە ڕووی کارگێڕیەوە هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی ڕزگاری لە بەشی ڕۆژئاوا, ڕووباری سیروان لە بەشی ڕۆژهەڵات , گوندی بەردەسوورلە لەباکورەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناحیەی گردەگۆزینە لە باشورییەوە, شارەکە دوای ساڵی(2003)پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە, لە ڕووی فراوان بوونی ڕووبەر و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە, شان بەشانی ئەم پێشکەوتنە لە هەموو بوارەکانی ژیان بەرەو پێش چوون , لەوانە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان, خزمەتگوزاری پەروەردەو فێرکردن یەکێکە  لە گرنگترین خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان کە کاردەکات بۆ مانەوەو گەشەکردنی مرۆڤ ودرێژەدان بە ژیانێکی باشتر , چونکە خودی فێرکردن بریتییە لە دەروازەی سەرەکی گەیشتن بە گەشەو پەرەپێدانی کۆمەڵگا , بەوپێیە خودی فێرکردن ئامرازێکی گرنگی پەرەپێدانە باخچەی مناڵان دە کە وێتە پیش قوناغی بنه ره تی) و ماوە کە ی (2) ساڵە، وەك سەرەتایەك وایە بۆ قوناغە گرنگە کان و یارمە تیدە رە لە دروستکردنی کە سایە تی مندال چونکە لە ڕووی هزری و جە ستە ییە وە گە شە ی پێدە دات کە ناوچەی لیکۆلینەوەکە ئە و باخچە ی ساوایانەی تیدایە لە لەشاری کلار کە ئە وانیش بریتین لە (باخچەی مندالانی ئازادی و پەپۆلەو دایک ئەستیرەوە بەرسیلەو باخچەی مندالانی کلار )ە تەنها باخچەی ساوایانی پەپولە,ئازادی  زۆرترین مامۆستا وفەرمانبەری هەیە، لەناوچەی لیکۆلینەوەکە بۆمان دەردەکەوێ کە وا بە بە راورد بە باخچە ی ساوایان و قوتا بخانە ی ئامادە یی قوتابخانە بنه ره تی یە کان بە شێوە یە کی زیاتر لە ناوچە ی لێکولینە وە دا بوونیان هەیە.

### گرنگی تویژینەوە

لایەنی تیۆری /گرنگی و بایەخی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە لایەنێکی بایەخدارو کاریگەری لەبواری جوگرافیای دانیشتوان و  تاوتوێ وشیدەکاتەوە،ئەویش هیزی کار لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردە لەشاری کلارهەروەها لایەنی پراکتیکی/ پیویستەحکومەت و لایەنی پەیوەندیدار پلان دابنەن لەسەر هیزی کار پیداچوونەوەبکەن بەکادرانی ئەم وەزارەتە گرنگە چوونکە رەنگدانەوەی راستەوخۆی دەبیت لەسەر پیشکەوتنی کۆمەلگا، پیویستە حکومەت سالانە وەپلانی تۆکمە دابنریت  تاکو ئەم وەزارەتە گرنکە زیاتر بەرەو پیش بچێت بەگویرەی زیادبوونی دانیشتوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**کێشەی توێژینەوە**

١-ئایا نارێکی دابە ش بونی هێزی کار پە روە ردە ی لە ناوچە ی لێکۆلینە وە لە چی ئاستیکە؟

٢-ئایا دابە شبونی جوگرافی هێزی کار ی پە روە ردە ی لە ناوچە ی لێکۆلینە وە رهچاوی دادپە روەری کردوە بە گوێرە ی بروانامە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

١-دابەشبونی جوگرافی هیزی کار لەقوتابخانەی ئامادەیی وبنەرەتی تارادەیەک باشە بەلام نارێکی لە دابە شبون خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان نارێکی پێوە دیارە

٢-نەخیر رەچاوی دادپەروەری نەکراوە بەگویرەی بروانامەکان.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١ -ئامانج لەم توێژینەوە دیاریکردن و ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە وزانینی ئاستی هێزی کارە لەوەزارەتی پەروەردە لە ناوچەی لیکۆلینەوەکە

٢-بەهۆی بوونی ناوچەیەکی گرنگ وە کەمی لیکۆلینەوەیەکی زانستی لەسەر هێزیکار وای لەئیمەکرد تویژینەوەیەک بکەین لەسەری بۆ ساڵی ٢٠٢٣

## بەشی یەکەم


### باسی یەکەم/ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

بە سەرنجدان لە نەخشەی ژمارە (١) بۆمان دەردەکەوێت شاری کەلار لە ڕووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەکانی پانی(08″, 36′, 34° - 24″,39′, 34°)ی باکور نیوە گۆی زەوی و نێوان هەردوو هێڵی درێژی (14″, 17′, 45° - 50″, 21′, 45°) ی ڕۆژهەڵات, بەگشتی ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی 17.5کم2,لەڕووی کارگێریەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای کفری لەبەشی ڕۆژئاوایی وقەزای خانەقین لەبەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی وقەزای دەربەندیخان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی وهەردووقەزای قەرەداغ وچەمچەماڵ لەبەشی باکوری(سەرکەوت حمەخورشید,٢٠٢٢,ل٣).

نەخشەی ژمارە (١) ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە




**سەرچاوە :** حکومەتی هەریمی کوردستان, وەزارەتی پڵاندانان, دەستەی ئاماری هەرێم, بەشی نەخشەسازی,GIS ٢٠٢١.

**باسی دووەم پێکهاتەی دانیشتوان لەشاری کەلار:**

پیکهاتەی دانیشتوان لەناوچەی لیکۆڵینەوەکە لە دووبەش پیک هاتووە کە ئەوانیش بریتین لە :

**١- پێکهاتەی تەمەن(Age Structure)**

گوزارشتە لە پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان و دابەشکردنیان بۆگروپە تەمەن جیاوازەکان، یەکێکە لەگرنگترین داتاکانی توێژینەوەی دانیشتوان و چالاکییە ئابوورییەکان بۆ دەسنیشانکردنی هێزو توانای بەرهەمهێنانی دانیشتوان (نەرمین عبداللە,٢٠٢٣,ل٧٢), کۆمەڵێك هۆکارهەن کار لەسەر

پێکهاتەی تەمەن دەکەن دانیشتوان دەکەن وەکو(لەدایك بوون و مردن و کۆچ) لەگروپە تەمەن دیاریکراوەکاندا،ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە لەووڵاتاندا ڕوودەدەن،وەکو شەڕو برسیەتی و قەیرانی ئابووری، هەمووی کاردەکەنە سەر لەدایك بون و مردن و کۆچ، ئەمانەش کاردەکەنەسەرگروپی تەمەنی گشتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دانیشتوان بەگوێرەی تەمەن بۆسێ گروپ پۆلێن دەکرێت کەبریتین لە:

1 - گروپی تەمەن بچوکەکان(سفر- 14)ساڵ.٢ - گروپی تەمەن ناوەندەکان(15-65)ساڵ.٣ - گروپی تەمەن گەورەکان(65)ساڵ بەسەرەوە. (د.عبدالله عطوی,٢٠٠١, ص ١٨٦-١٩١).

خشتەی ژمارە(1) پێکهاتەی (تەمەن و ڕەگەز)ی دانیشتوانی شاری کەلار لەساڵی ٢٠٢٠

| گروپی تەمەن | نێر | ڕێژە% | مێ | ڕێژە% | کۆی گشتی | ڕێژە% |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سفر- 14 | 27192 | %34.36 | 24684 | %32.59 | 51876 | % 33.5 |
| 15- 64 | 48772 | %61.62 | 47625 | %62.88 | 96397 | %62.2 |
| 65بەسەرەوە | 3183 | %4.02 | 3431 | %4.53 | 6614 | % 4.3 |
| کۆی گشتی | 79147 | %100 | 75740 | %100 | 154887 | %100 |


سەرچاوە: بەڕێوبەرایەتی ئاماری گەرمیان داتای بڵاونەکراوە،2022.

پێکهاتەی تەمەن بۆناوچەی توێژینەوە، جەختدەکاتەوە لەسەر تەمەنی دانیشتوان و دابەشکردنیان بۆ گروپەکانی تەمەنی دانیشتوان و بۆزانینی پەیوەندی نێوان تەمەن و چالاکییە ئابوورییەکان تواناو ئاستی بەشداریکردنی دانیشتوان لە پرۆسە ئابوورییەکانی شارەدا، لە خشتەی ژمارە (١) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەدانیشتوانی شارەکە لەساڵی(2020) بەشێوەیەکی جیاواز دابەشبوون بەسەر دەستەی تەمەندا.بەسەرنجدان لەخشتەی ژمارە(١) بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی تەمەنی گروپی بچووك(0-14ساڵ) لەو ساڵەدا گەیشتۆتە(%33.5) لەکۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی دانیشتوانی شارەکە، ئەمەش ڕێژەیەکی باشە، هەرچەندە لەئێستادا ئەرکی بەخێوکردنیان لە ئەستۆی گروپی تەمەنی ناوەند(15-64)ساڵ دایە، بەڵام دەکرێت لەئایندەدا ببێتەهێزێکی دیاربۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەو کاروباری وڵات لەسەرجەم کەرتەکاندا، هەرچی گروپی ناوەندە(15-65)ساڵ کەبەهیزی بەرهەمهێن دادەنرێت و لەزانستی دیمۆگرافیادا، ، ئەم دەستەیە بەهێزی دەوڵەت ناسراوە،ڕێژەی ئەم گروپە لەشاری کەلار لە ئاستێکی بەرزدایە گەیشتۆتە(62.2 %)، ئەمەش ڕێژەیەکی نایابە ئایندەیەکی باشی لێ چاوەڕواندەکرێت لەشارەکەدا، چونکە ئەم گروپە بەگرنگترین توێژی دانیشتوان دادەنرێت بەخێوکردنی هەردوو گروپەکەی تری لە ئەستۆدایە هێزی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرگری کردنن لەکۆمەڵگەدا، گروپی تەمەن گەورە(65ساڵ) بۆسەرەوە کە بە بەساڵاچوان ناودەبرێن، لەشاری کەلار ڕێژەی ئەم گروپە بریتیە لە(4.3 %)، کەپێویستیان بەچاودێری و بەخێوکردن هەیە، دەتوانین بڵێین چینی بەتەمەنەکان توانایان کەمترە بۆ بەخێوکردن، چونکە باری تەندروستییان لە دابەزیندایە.لەشیوەی ژمارە (١)جوانتر ڕوونکراوەتۆ.

شێوەی(١)پێکهاتەی (تەمەن و ڕەگەز) ی دانیشتوانی شاری کەلار لەساڵی(2020)



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (1).

**٢- پێکهاتەی جۆری ڕەگەز:**

مەبەست لەپێکهاتەی جۆری ڕەگەز پۆلێنکردنی دانیشتوانە بەسەر هەردوو ڕەگەزی(نێرومێ)دا، لەسەر بنەمای داتاکانی سەرژمێری یان ئامارە دیمۆگرافییەکان، پێکهاتەی جۆری(ڕەگەز) زۆر گرنگە چونکە پەیوەندیی بەپرسی تایبەت بەگەشەپێدانی دانیشتوانەوە هەیە، زۆربوونی نێر یان مێ ڕەنگدانەوەی زۆری لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەیە وەکو ڕێژەی لەدایك بوون، هاوسەرگیری تەڵاق(د.ارشود محمد الخريف، ,ل٢٢٨)٦ بەم شێوەیە توێژینەوەی دانیشتوانی هەرناوچەیەك و شارێك پێویستە جیاوازی نێوان ژمارەی ڕەگەزی(نێرومێ)بزانرێت، لەبەرئەویە ئەم پێکهاتە فاکتەرێکی سەرەکییە لەپرسە ئابوورییەکاندا، لەخشتەی ژمارە(٢) پێکهاتەی جۆری ڕەگەز دەخەینەڕوولەناوچەی لیکۆلینەوەکە:

خشتەی ژمارە(٢) پێکهاتەی جۆری (ڕەگەز) ی دانیشتوان لەشاری کەلار لەساڵی(١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ڕەگەزی نێر | ڕێژە% | ڕەگەزی مێ | ڕێژە% | ڕێژەی نێر بۆمێ جۆر% |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 1286 | 657 | %51.08 | 629 | % 48.91 | %104.45 |
| 1987 | 63102 | 32256 | %51.11 | 30846 | % 48.88 | %104.5 |
| 2002 | 90519 | 43708 | %48.28 | 46811 | %51.71 | %93.3 |
| 2020 | 154887 | 79147 | 0.51 | 75740 | %48.90 | 104.49 |

سەرچاوە: 1- کاری توێژەر پشت بەستن بە بەڕێوبەرایەتی ئاماری گەرمیان،داتای بڵاونەکراوە،2022.

2- بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی،داتای بڵاونەکراوە،2022.

بۆزانینی ڕێژەی جۆری(ڕەگەز) ئەم هاوکێشە بەکاردێنین: پێکهاتە

$$\text{جۆر(ڕەگەز)} = \frac{\text{ژمارەی ڕەگەزی نێر}}{\text{ژمارەی ڕەگەزی مێ}} \times 100$$

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەسەرنجدان لەخشتەی ژمارە (٢) وە بۆمان دەردەکەوێت،کە ناوچەی لیکۆلینەوەکە ژمارەی نێر لەژمارەی مێ بەرزترە لەشاری کەلار، لەساڵی(1957) ژمارەی دانیشتوان گەیشتە(1286) ژمارەی ڕەگەزی نێر گەیشتۆتە(657) واتا بەرێژەی(51.09%) لەکۆی گشتی دانیشتوان، لەکاتێکدا ژمارەی ڕەگەزی مێ(629) بەڕێژەی(48.88 %) لەکۆی گشتی دانیشتوان، پێکهاتەی جۆری ڕەگەز ڕێژەکەی بریتی بووە لە(104.45%) نێربۆ هەر(100)مێینەیەك لە ساڵی(1987) کەژمارەی بەڕێژەیەکی نائاسایی گەشەی کردو گەیشتە(63102)کەس،ژمارەی ڕەگەزی نێر گەیشتە(32256)بەڕێژەی(51.11%) لەکۆی گشتی دانیشتوانی شارەکە، بەرانبەر بە ژمارەی مێ، گەیشتە(30846) بەرێژەی(48.29%)، پیکهاتەی جۆری ڕەگەز بریتی بوولە(104%)نێر بۆهەر 100 مێینەیەك، لەساڵی(2002) گۆڕانکاری بەسەر دانیشتوانی شارەکە هاتووە و زیادی کردووە بۆ(90519)، بەمەش گۆڕانکاری بەسەر رەگەزی نێرو مێ هاتووە، بەڵام لەبەرانبەردا ڕێژەی ڕەگەزی نێر لەچاو ڕەگەزی می کەمیکردووە، ژمارەی ڕەگەزی نێر(43708)کەس بوو بەڕێژەی(48.28%) لە کۆی گشتی دانیشتوان، لەکاتێکدا ژمارەی ڕەگەزی مێ گەیشتە(46811)کەس، بەرێژەی(51.71%) پێکهاتەی جۆری ڕەگەز ڕێژەکەی بریتیە لە(93.3%) نێر بۆهەر100مێینەیەك، بەمەش گومان لەکەم وکوڕی ژمارەکان دەکرێت، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ناوردی داتاکان بێت،سەرەڕای کەمی هۆشیاری ئاماری و درووستبوونی شەڕی ناوخۆ لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردو و کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات کە زۆربەیان لە ڕەگەزی (نێر)بوون لەو سەردەمە، لەساڵی(2020) جارێکیتر گۆڕانی گەورە بەسەر دانیشتوانی شارەکە هات بەرز بۆتەوە بۆ(154887)کەس لەو ژمارەیەش(79147)کەس لەڕەگەزی (نێر)بووە، بەڕێژەی(51.08%)،(75740)کەس لەڕەگەزی(مێ)بووە بەڕێژەی(48.91%)، واتا ڕەگەزی نێر ڕێژەکەی بەرزترە،پیکهاتەی جۆری ڕەگەز ڕێژەکەی گەیشتتە(104.45%)، نێربۆ هەر(100)مێینەیەك.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم

### باسی یەکەم : دابەشبوونی جوگرافی شوێنە خزمەتگوزاری فیرکاری لە وەزارەتی پەروەردە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

### یەکەم : باخچە ی ساوایان

قۆناغێکە دە کە ویتە پیش قوناغی بنە رە تی) و ماوە کە ی (2) سالە، وە ک سە رە تایە ک وایە بو نامادە کردنی مندال بو ئە وە ی لە قوتابخانە ی بنە رە تی دریژە بە خویندن بدات (3). ئە م قوناغە یە کیکە لە قوناغە گرنگە کان و یارمە تیدە رە لە دروستکردنی کە سایە تی مندال چونکە لە رووی هزری و جە ستە ییە وە گە شە ی پیدە دات مندالانی نە م قوناغە تە مە نیان لە نیوان (4-5) سالیدایە ئە م باخچانە لە تواناياندا هە یە ئارەزووی دە روونی وزانیاری مندال تیربکە ن و پە رە ش بە توانا و کارامە ییە کانیان بدە ن (براء کامل عبد الرزاق,٢٠١١,ص٧٧).بە پشت بە ستن بە خشتە ی ژمارە (٣) و نە خشە ی ژمارە(٢) بومان دە ردە کە ویت کە کە ناوچەی لیکۆلینەوەکە ئە و باخچە ی ساوایانەی تیدایە لە لەشاری کلار کە ئە وانیش بریتین لە (باخچەی مندالانی ئازادی و پەپۆلەو دایک ئەستیرەوە بەرسیلەو باخچەی مندالانی کلار )ە تەنها باخچەی ساوایانی پەپولە,ئازادی زۆرترین مامۆستا وفەرمانبەری هەیە هەیە دەکاتە (١٦,١٥ )مامۆستا و فرمانبەرن لەرەگەزی می و نێرن لە ناوچە ی لیکولینە وە لە خو دە گرن بویە پیویستە پلانی گونجاو دابنریت بو زیاد کردنی ژمارە ی باخچە ی ساوایان لە ناوچە ی لیکولینە وە بە جوریک کە گونجاو بیت لە گە ل ژمارە ی قوتابیانی ناوچە کە زۆرترین مامۆستاو فرمانبەر لەرەگەزی مین دەگاتە (55) وە رەگەزی نیر دەگاتە (16) کەس ,کۆی گشتی ژمارەی مامۆستایان وفەرمانبەران لەناوچەی لیکۆلینەوەکە دەگاتە (٧١)مامۆستا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (٣) ژمارەی مامۆستاو فەرمانبەران هەمیشەیی (باخچەی مندالان)بەپێی پیشەو رەگەز

| ژ | گەڕەک/گوند | پێکهاتەی فەرمانگە | قەزا | پۆلینی قوتابخانە | فەرمانبەرو مامۆستا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | نێر | مێ | کۆ |
| 1 | رووناکی | باخچەی منداڵانی بەرسیلە | کەلار | باخچە | 1 | 6 | 7 |
| 2 | شۆرش | باخچەی منداڵانی ئازادی | کەلار | باخچە | 4 | 12 | 16 |
| 3 | راپەرین | باخچەی منداڵانی پەپولە | کەلار | باخچە | 2 | 13 | 15 |
| 4 | بەردەسوور | باخچەی منداڵانی پەری | کەلار | باخچە | | 3 | 3 |
| 5 | سەرکەوتن | باخچەی منداڵانی رازاوە | کەلار | باخچە | 3 | 5 | 8 |
| 6 | ئەندازیاران | باخچەی منداڵانی کازیوە | کەلار | باخچە | 4 | 9 | 13 |
| 7 | کەلارکۆن | باخچەی منداڵانی ئەستێرە | کەلار | باخچە | 2 | 7 | 9 |
| | | | | | 16 | 55 | 71 |

سە رچاوە :کاری تویژە ر بە پشت بە ستن بە ,حکومە تی هە ریمی کوردستان وە زارە تی پە روە ردە ,بە ریوە بە رایە تی پە روە ردە ی کلار ,بە شی پلاندانان ,هو بە ی داتاو زانیاری, بو سالی خویندنی ٢٠٢٣

هەروەها بەتیروانین لەنەخشەی ژمارە (٢)دەبینین باخچەی ساوایان بەگویرەی پیویست بەیەکسانی بەسەر گەرەکەکانی ناوشەی لیکۆلینەوە دابەش نەکراوە لەراستیدا ئەمە گرفتە بۆ مندالانی ئەم شارە ,وەریگایەکی دوور دەبرن تا دەگەنە شوینی مەبەست,بەتایبەت هەندیک گەرەکمان هەیە لەناوچەی لیکۆلینەوەکە زۆر دوورن لەم خزمەتگوزاریەوە کەئەوانیش گەرەکەکانی (لانە سیتی,فرمیسک,بەهار,سەگرمە,زانکۆ)بۆیە پیویستە لایەنە پەیوەندیدار ئەم گرفتە چارەبکەن. واتە لە هە ندێ لە گە رە کانی شاردا بە تایبە ت گە رە کە کانی ناوە ندی شارە کە چە ندین باخچە یان تیدا کە لە کە بوون لە کاتیکدا زورینە ی گە رە کە دورە دە ست و بە را ویزە کان تازە دامە زراوە کان دا ئە م خزمە تگوزارییە بە ردە ست نییە و مندالان بو دە ستخستن و گە یشتن پییان ناچارن مە ودایە کی دوور ببرن تا دە گە نە باخچە کان


گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە(٢) دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریی فێرکاری باخچەی مندالان له شاری کلار




سه رچاوه کاری تویژه ر به پشت به ستن به حکومه تی هه ریمی کوردستان وه زاره تی په روه رده به ریوه به رایه تی په روه رده ی کلار به شی پلاندانان هو به ی داتاو زانیاری بو سالی خویندنی ٢٠٢٣کاری مه یدانی تویژه ر


## دووه م :قوتا بخانه ی بنه ره تی

قۆناغی بنه ره تی ئه م قوناغه له دوای قوناغی باخچه ی مندالان ده ست پیده کات دوای نه وه ی مندال ته مه نی (6) سالی ته واو ده کات ده خریته به م قوناغه و ماوه که ی (9) ساله که له پولی یه ک ده ست پیده کات تاکو پولی نۆ و ته مه نی قوتابی له م قوناغه له نیوان (6-15) سالی دایه (باسم قاسم سلیمان,2022,ل١٣) قوتابخانه ی بنه ره تی پوله کانی (1) و قوتابخانه ی بنه ره تی پوله کانی (7-9) قوناغی ئاماده یی قوناغی خویندن تیدا له پوله کانی (4-6) ده گریته وه و ته مه نی خویندکار له نیوان (16) 18) سالیدایه به پیی سیسته می نویی په روه رده له هه ریمی کوردستان پوله کانی ئه م قوناغه ناوده بریت به پوله کانی 10-12)ی ئاما ده ی خویندن له م قوناغه دا پسپورییه یان فیرکاریه کی پیشه یی به قوناغی نامادە یی دابه ش ده

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیت بو دوولق لە وانیش لقی زانستی و ویژە یی و پیشە یی یە , خویندکار لە م ئاستە دا نامادە دە کریت لە رووی فیر کردنە وە بو ئە وە ی بتوانی روو لە پە یمانگا و زانکوکان بکات و دریژە بە خویندن و فیربوون بدات.( بنار حسن محمد و محمد مهدی کریم,٢٠٢٠,ل ٢٦ ).لەناوچەی لیکۆلینەوەکە بۆمان دەردەکەویت لە پاشکۆی ژمارە(١) و نە خشە ی (٣) کە وا بە بە راورد بە باخچە ی ساوایان و قوتا بخانە ی نامادە یی قوتابخانە بنە رە تی یە کان بە شیوە یە کی زیاتر لە ناوچە ی لیکولینە وە دا بوونیان هەیە و بە جوریك لەناوچەی لیکۆڵینەوەکە کۆی گشتی قوتابخانەی بنەرەتی لەشاری کلار (٥٨) قوتابخانەی لێیە بەپیچەوانەی باخچەی ساوایانە ناوچەی لیکۆلینەوەکە کیشەی ژمارەی ئەم جۆرە خزمەتگوزارییەی نیە وە تارادەیەکی باشیش دابەشبوونە بەسەر شارەکەدا,لەشارەکەدا کۆی گشتی مامۆستا لەهەردوو رەگەزی نیرو می دەگاتە نزیکەی(٢٣٢٠)مامۆستا,وەکۆی گشتی فەرمانبەر بەهەردوو رەگەزەوە دەگاتە نزیکەی(٢٤٦) فەرمانبەر, کۆی گشتی مامۆستا ٢.٧٣٧مامۆستا لەشاری کەلار هەیە.

نەخشەی ژمارە (٣) دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریی فێرکاری قوتابخانە بنەرەتییەکان لە شاری کەلار



سه رچاوه كاری تویژه ر به پشت به ستن به حكومه تی هه ریمی كوردستان وه زاره تی په روه رده به ریوه به رایه تی په روه رده ی كلار به شی پلاندانان هو به ی داتاو زانیاری بو سالی خویندنی ٢٠٢٣كاری مه یدانی تویژه ر


**سێیەم/قوتابخانەی ئامادەیی**

قوناغی ئاماده یی قوناغی خویندن تیدا له پوله كانی (4) ده گریته وه و ته مه نی خویندكار له نیوان (16- 18 ) سالیدایه به پیی سیسته می نویی په روه رده له هه ریمی كوردستان پوله كانی ئه م قوناغه ناوده بریت به پوله كانی 10-12ی ئاماده یی خویندن له م قوناغه دا پسپورییه یان فیركاریه كی پیشه یی یه قوناغی ئاماده یی دابه ش ده بیت بو دوولق ئه وانیش لقی (زانستی و ویژه یی و پیشه یی یه) خویندكار له م ئاسته دا ئاماده ده كریت له رووی فیر كردنه وه بو ئه وه ی بتوانی روو له په یمانگا و زانكوكان بكات و دریژه به خویندن و فیربوون بدات ( باسم قاسم سلیمان,2022,ل١٤)

سه باره ت به قوتابخانه ئاماده بیه كان ئه وا هه روه ك له پاشكۆی ژماره(٢) و نه خشه ی (٩) دا دیاره بومان روون ده بیته وه كه له ناوچه ی لیكولینه وه خاوەنی قوتابخانه ی ئاماده ین نزیکەی(١٨)قوتابخانەی لییە ,كۆی گشتی مامۆستایانی ئەم قوتابخانانە دەگاتە نزیکەی (٦٨٩)مامۆستای لییە وە (٤١٠ )مامۆستا لەرەگەزی نیرن وە (٢٧٣)لەرەگەزی مین,وە كۆی فرمانبەر لە قوتابخانەی ئامادەییەکان نزیکەی (١٠٥) فەرمانبەرە کە ٥٨ کەسیان رەگەزی نیرن وە ٤٧ کەسیان لەرەگەزی مین.لەناوچەی لیکۆلینەوەکە کۆی گشتی مامۆستاو فەرمانبەر دەگاتە (٢٥٨٣)کەس

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە (٤) دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریی فێرکاری قوتابخانە ئامادەییەکان له شاری کەلار




سه رچاوه کاری تویژه ر به پشت به ستن به حکومه تی هه ریمی کوردستان وه زاره تی په روه رده به ریوه به رایه تی په روه رده ی کلار به شی پلاندانان هو به ی داتاو زانیاری بو سالی خویندنی ٢٠٢٣کاری مه یدانی تویژه ر

## بەشی سێیەم تایبەتمەندی و پۆلێنکردنی هێزی کار لە ناوچەی لێکۆڵینەوەباسی یەکەم :تایبەتمەندی دیمۆگرافی هیزی کار

### ١-تایبەتمەندی رەگەز (نێرومێ)

مه به ست له پیکهاته ی جور دابه شبوونی دانیشتوانه بو نیرو می پیکهاته ی ره گه زیشی پی ده وتریت (سالم علي,٢٠٠١.ص١١٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١- ژمارەی هیزی کار بەگویرەی رەگەزبۆفەرمانبەرانی گریبەست/** ژمارە هێزی کار بۆ رەگەزی نێر لە سەر ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینین ژمارەی فەرمانبەرانی گریبەست بۆژمارەی رەگەزی( نێر) زۆر زیاترە لە رەگەزی( مێ) وەک لە خشتەی ژمارە(٤) دەردەکەوێت کۆی گشتی ژمارەی فەرمابەرانی گرێبەست لە قوتابخانەی بنەرەتی وئامادەیی و باخچەی مندالان لە ناوچەی توێژینەوە تەنها(٨)کەسە . بەڵام سەبارەت بە پۆلینی هیزی کار لە ناوچەی لێکۆلینەوە لە گوێرەی رەگەز لە رەگەزی نێر زیاترە لە لە رەگەزە مێ کە (٥) کەسە و رەگەزی مێ تەنها(٣) کەسە.هەروەها دابەش بوونە بەم شیوەیە ( ٢) فەرمانبەر لەباخچەی ساوایان گرییەستن وە (٢) فەرمانبەری تر لە قوتابخانە ئامادەییەکان گرییەستن ئەوەی دەمێنیتەوە( ٤)فەرمانبەرە لەقوتابخانە بنەرەتییەکانە.

خشتەی (٤) فەرمانبەران و مامۆستایان بەپێی رەگەز بۆ فرمانبەرانی گرییەست

| ژ | | | فەرمانگە | ژمارەی فەرمانبەران/گرییەست بە پێی رەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | نێر | مێ | کۆی گشتی |
| 1 | | ناوەندی شار | ق.شەهید هاپۆ ی بنەڕەتی تێکەڵ | 1 | | **1** |
| 2 | | ناوەندی شار | ق.شەهید سەید نوری بنەڕەتی تێکەڵ | 1 | | **1** |
| 3 | | ناوەندی شار | ق.کەلار ی بنەڕەتی تێکەڵ | | 1 | **1** |
| 4 | | ناوەندی شار | ئامادەیی شەهید جەلال بێکەس | 1 | | **1** |
| 5 | | ناوەندی شار | ئامادەیی ئیبراهیم ئەحمەد | 1 | | **1** |
| 6 | | ناوەندی شار | ق.**14/4** ی بنەڕەتی تێکەڵ | 1 | | **1** |
| 7 | | ناوەندی شار | باخچەی منداڵانی پەپولە | | 1 | **1** |
| 8 | | ناوەندی شار | باخچەی منداڵانی رازاوە | | 1 | **1** |
| | | | کۆی گشتی | **5** | **3** | **8** |

سە رچاوە کاری توێژە ران بە پشتبە ستن بە زانیارییە کانی حکومە تی هە ریمی کوردستان وە زارە تی پە روە ردە بە رتوبە رایە تی پە روە ردە ی کە لار بە شی پلاندانان داتایی بلاونە کراوە 2023

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢- تایبەتمەندی تەمەن**

مه به ست له تاوتوی کردنی پیکهاته ی ته مه ن چونیه تی دابه شبوونی دانیشتوانه به سه ر چه ند گروپیکی ته مه ن بو شیکردنه وه ی توانای راسته قینه ی هیزه کانی به رهه م هینان (جه زا تۆفیق,تالب,١٩٩٩) تویژینه وه ی پیکهاته ی دانیشتوان به گویره ی گروپی ته مه نه کان بایه خیکی گرنگی هه یه له بواری نه خشه کیشان و دارشتنی سیاسه تیکی گشتی له ده وله تدا له چه ندین بواری جیا جیادا له به ر په یوه ندی پیکهاته ی ته مه نی به چالاکی ئابووری و کۆمه لایه تی و ژیاری و دیموگرافی دانیشتوان جگه له دیاریکردنی تواناکانی ده وله ت له هیزی مروییدا و توانای له سه ر راپه راندنی خزمه تگوزارییه کان و باری ئابووری ده وله ت له به رهه م هینان و به کار بردندا هه روه ها باری کومه لایه تیی ده وله ت له دیاریکردنی قه باره ی به خیو کردن ) و ناوه نده ته مه ن و هاوسه نگی له نیوان نه وه کان و توانا سه ربازییه کاندا. پیکهاته ی ته مه نی هه ر ناوچه یه ك چه ند هۆكاریك كاریان تیده كات نه م هۆكارانه ش كاریگه ری خویان هه یه له سه ر دانیشتوان له وانه له دایکبوون و مردن و کوچ له گروپی ته مه نی دیاریکراو هه روه ها ئه و رووداوه میژووییانه ی كه له ولاتدا رووده ده ن وه ك شه رو برسیبه تی و قه یرانی ئابووری و ئه مانه هه موویان کارده كه نه سه ر نیوه نجی هاوسه رگیری و له دایك بوون و مردن و لیك جیابوونه وه و کوچ که ئه مانه ش کار ده که نه سه ر گروپی ته مه نی گشتی(پێشرەو سەمەد تۆفیق,٢٠٠٩,ل٧٢).سەبارەت بە هێزی کار بە پێی تەمەن لە باخچەکانی منداڵان بە پێی تەمەن و ڕەگەز جیاوازی هەیە ئەگەر بە ناوەندەکانی تر بەراووردی بکەین لە کۆی (٧) باخچەهیچ ژمارەیەکی هێزی کاری لە ڕووی ڕەگەزوتەمەنی (٢٠-٣٠) ساڵ تێدانیە. لە هەمان کاتدا زۆرترین هێزی کاری تەمەن (٣١-٤٠)ساڵ لە هەردووباخچەی(ڕازاو باخچەی منالآنی پەپولەیە) بریتیە لە (١١)کەس وەکەمترین هێزی کاریش لە باخچەی(منالانی پەری)یە تەنها (٣)کەسە.کۆی گشتی هیزی کار لەنیوان ئەم تەمەنە بریتیە لە (٧٠) کەس,هەرچی ژمارەی ئەو کەسانەتەمەنیان لە نێوان (٤١-٥٠)ساڵی دایە کە وەکو هێزی کاری باخچەکان کۆی گشتی (٨٩)کەسە زۆرترین کەسیان لە باخچەی(منالآنی کازیوەیەو کەمترین کەسیان اە باخچەی منالآنی(ئەستێرەیە).ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان (٥١-٦٠) ساڵی دایە کۆی گشتی یان (٣٠) کەسە،زۆرترین ئەم هێزی کارەش دەکەونە هەردووباخچەی ساوایانی(کازیوەو ئازادی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

)بۆهەریەکەیان (٨)کەسە بەڵام کەمترین لە باخچەکانی(بەرسیلەو پەریە) (١) کەسە.هەروەها ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان(٦١-٦٢)ساڵە تەنها ژمارەیان (٢)کەسە لە باخچەکانی ڕازاوە و ئازادی) کەچی ئەوکەسانەی تەمەنیان سەرو (٦٢) ساڵە تەنها ژمارەیان (٣) کەسەو دوانیان لە باخچەی(ئازادی و ) ئەوی تریان تەنهایەک کەسە لە باخەی(ڕازاوە).واتە کۆی گشتی هیزی کار بۆهەمووتەمەنەکان لەباخچەی ساوایان بریتین لە (١٧٩) مامۆستاو فەرمانبەر.

خشتەی (٥) فەرمانبەران و مامۆستایان بەپێی تایبەتمەندی تەمەن بۆ باخچەی ساوایان

| | | | ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەران بە پێی تەمەن | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | فەرمانگە | 20 - 30 | 31 - 40 | 41 - 50 | 51 - 60 | 61 - 62 | گەورەتر و یەکسان لە 63 | کۆی گشتی |
| 1 | باخچە | باخچەی منداڵانی ئەستێرە | | 8 | 8 | 4 | | | **20** |
| 2 | باخچە | باخچەی منداڵانی بەرسیلە | | 6 | 9 | 1 | | | **16** |
| 3 | باخچە | باخچەی منداڵانی پەری | | 3 | 9 | 1 | | | **13** |
| 4 | باخچە | باخچەی منداڵانی پەپولە | | 11 | 18 | 2 | | | **31** |
| 5 | باخچە | باخچەی منداڵانی ڕازاوە | | 11 | 9 | 6 | 1 | 1 | **28** |
| 6 | باخچە | باخچەی منداڵانی کازیوە | | 9 | 20 | 8 | | | **37** |
| 7 | باخچە | باخچەی منداڵانی ئازادی | | 7 | 16 | 8 | 1 | 2 | **34** |

سە رچاوە کاری توێژە ران بە پشتبە ستن بە زانیارییە کانی حکومە تی هە رێمی کوردستان وە زارە تی پە روە ردە بە رتوبە رایە تی پە روە ردە ی کە لار بە شی پلاندانان داتایی بلاونە کراوە 2023

هەروەها سەبارەت بە پێکهاتەی تەمەن لە قوتابخانە بنەرەتییەکان لە خشتەی خوارەوە (لەپاشکۆی ژمارە ٤)ئەوەمان بۆ دەردەکەویت کە کۆی گشتی ئەو هێزی کارەی لە قوتابخانە بنرەتیەکان هەیە (2704) کەسە وە دابەشکراون بەسەر (٥٨) قوتابخانەی بنەرەتیدا و کۆی گشتی ئەوانەتەمەنیان لە نێوان(٢٠-٣٠) ساڵە (سفر) کەسە و ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(٣١-٤٠) ساڵە کۆی گشتی هێزی کاریان ( ٩٥٩)کەسە، هەروەها (ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان(٤١-٥٠)یە کۆی گشتیان (١١٩١) کەسە و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان(٥٠-٦٠) ساڵە کۆی گشتیان (٥٢٤) کەسە، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان (٦١-٦٢) ساڵە تەنها (٢٧) کەسە ، ئەوانەی تەمەنیان سەرو(٦٢) سالیش ژمارەیان (٣). (بنگردە کە ژمارەیان (١٤) کەسەو کەمترین لە قوتابخانەی(بیکەسە) تەنها ٤) کەسە ،هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٣١-٥٠)ساڵە زۆترین هێزی کار لە قوتابخانەی(داری خلە )یە کە(٨٥) کەسە و کەمترین لە قوتابخانەی (بانە)یە کە (٣) کەسن,سەبارەت بە پێکهێنانی تەمەنی(٥١-٦٠)ساڵ زۆرتیرین هیزی کار لە قوتابخانەی(بنەڕەتی ئەلوەن و قەندیل و چرا ) کە هەرسێ قوتابخانەکە یەکی (١٨)کەسن وە نزمترین هیزی کار لە گروپی تەمەنە لەقوتابخانەکانی بەختیاری و١٤و٤بنەرەتی تیکەڵ)کە ژمارەی هەریەکەیان هیزی کاری بریتیە لە (١)کەس.سەبارەت بە تەمەنی (٦١-٦٢)ساڵ کۆی گشتی هیزی کار لەم گروپە تەنها (٢٧)کەسە,بەڵام سەرو تەمەنی(٦٢) ساڵ تەنها (٣)کەس وە هێزی کار لەو ناوندانە بەدی دەکرێت.سەبارەت بە هێزی کار لەناوچەی لیکۆلینەوەکە زۆرترینیان دەکەویتە قوتابخانەی بنەرەتی داری خلە کە زۆرترین هیزی کاری تیدایە دەگاتە (٩٨)کەس هەروەها قوتابخانەی بانەی بنەرەتی کەمترینە کە تەنها (٣)کەسە,سەبارەت بە هێزی لە قوتابخانەکانی ئامادەیی زۆترین هێزی کار لە خۆ دەگرێت لە ڕووی تەومەن و ڕەگەزیشەوە کۆە گشتی هێزی کار لەو ناوەندەکانی ئامادەیی لە ناوچەی توێژینەوە دەگاتە(٨٤٨)کەس و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٣٠)کەسە ژمارەیان (سفره)لە بەرئەوەی چەند ساڵیکی دامەزراندن نیە , بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان(٣١-٤٠) کۆی گشتیان دەگاتە(٤٢٧) کەس ئەمانە زۆترین هێزی کارن بەراورد بە تەمەنەکانی تر لەو ناوەندانە، هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان(٤١-٥٠) ساڵیە کۆی گشتیان دەگاتە(٢٩٤)کەس ، لە هەمان کات ئەوانە تەمەنیان لە نێوان (٥١-٦٠) ساڵیە (١٢٠)کەسە,و ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٦١-٦٢) ساڵیە تەنها (٦)کەسن ، ئەوەی شایەنی باسە لە سەرووی (٦٢)ساڵ ژمارەیان تەنها (١) کەسە ئەمەش کەمترین ژمارەی هێزی کارە لە وناوەندە.سەبارەت بە هێزی کار بەپێی تەمەن لە هەرقوتابخانەیەکی ئامادەیی جیاوازە زۆرترین ژمارەی هێزی کاری تەمەن لە نێوان(٣١-٤٠) ساڵی لە قوتابخانەی(ابراهیم احمد)ە کە ژمارەیان (٤٣)کەسە و کەمترین هێزی کاریش لە تەمەنە لە قوتابخانەی(ئامادەیی بەدرخانی ئیواران) تەنها(٩) کەسەە، سەبارەت بە هێزی کاری تەمەن نێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(٤١-٥٠) ساڵی زۆرترین هێزی کاری ئەم تەمەنە لە قوتابخانە ئامادەیی (ئامادەیی هاوکاری)یە کەژمارەیان(٢٧) کەسە،هەروەها کەمترین هێزی کرای ئەم تەمەنە لە قوتابخانەی(چیا ,رزگاری,ابراهیم احمد) تەنها (٩) کەس. لە هەمان کات ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان(٥١-٦٠)ساڵە زۆترین هێزی کاری لە قوتابخانەی(ئامادەیی شەهید ئارام تەنها (١٤) کەسە و کەمترینیش لە ئامادەیی (رزگاری,ابراهیم احمد) تەنها (٢) کەسە،سەبارەت بە وکەسانەی تەمەنیان لە نێوان (٦١-٦٢) ساڵە کۆی گشتیان (٦) کەسن وە ئەوانەی سەرووی ٦٢ تەنها (١) کەسە لە قوتابخانەی(چیای کچان ئێواران).سەبارەت بە هێزی کار لەناوچەی لیکۆلینەوەکە زۆرترینیان دەکەویتە قوتابخانەی ئامادەی هاوکاری کە زۆرترین هیزی کاری تیدایە دەگاتە (٦٥)کەس هەروەها قوتابخانەی ئامادەی بەدرخانی ئیوارانە کەمترینە کە تەنها (٢٦)کەسە,

## باسی دووەم پۆلینکردنی هیزی کار

**١ بەگویرەی بروانامە /دکتورا/ماستەر/بکالۆریۆس**

**٢- بەگویرەی ناونیشانی وەزیفی /هەمیشەیی /گریبەست /وانەبیژ**

باسی پۆلێنکردنی هێزی کار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی دامەزراندن (ڕەسمی ،گرێبەست " خۆبەخش)

پۆلێنکردنی هێزی کار بە گۆێرە دامەرزاندن لەناوچەی لیکۆلینەوەکە هیچ گریبەستمان نیە بەگویرەی کاری وەزیفی هەموویان هەمیشەین کە وەک هێزی کارن:


باسی پۆلێنکردنی هێزی کار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی ناونیشانی وەزیفیان

ئەگەر بمانەوێ بەراوردیکی وورد بکەین بۆ ناوەندە پەروەردەیەکانی ناوچەی توێژینەوە دەتوانرێت جیاوازیەکی بەرچاو بەدی بکریت لە ناوندەکانی خوێندن لە ڕووی بڕوانامەوە ئەگەر سەرنجی خشتەکەی خوارەوە بدەین لە چوارناوەندی سەرەکی پەروەردەی گۆڕانی گەورە هەیە لە ڕووی بڕوانامەوە، دەبینین کۆی گشتی لە باخچەکانی منداڵان دەگاتە بە هەمووئاستەکانەوە دەگاتە (١٧٩) کەس ، بەڵام لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان کۆی گشتی بڕوانامەجیاوازەکانی ناوەندەکانی دەگاتە(٢٧٠٤)کەس و لە قوتابخانە ئامادەیەکان کۆی گشتی بروانامە جیاوازەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەیشتۆتە(٨٤٨) کەس، ئەوەی شایەنی باسە ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان سەرجەم ناوەندەکان و بروانامەکان بکەین دەتوانین بەراوردێکی وورد و گۆڕانەکان بە ڕوونی بەدی بکەین، ئەگەرسەرنجی بێ بڕوانامەکان بدەین لە هەرسێ ناوەندەکە زۆرترین بێ بڕوانامە لە قوتابخانە بنەڕەتیەکانە کەژمارەیان(٧٢)کەسە کەچی کەمترین ژمارەی بێ بڕوانامەکان لە باخچەکانی منداڵانەن، سەبارەت بە دەرچووی سەرەتای لەناوەندەکانی خوێندن زۆرترین ژمارەی دەرچووی سەرتایی لە باخچەکانی منداڵانە ژمارەیان(٢٦) دەرچوە و کەچی لە قوتابخانەکانی ئامادەیی ئەم ژمارەیە سفرە واتا هیچ دەرچوویەکی سەرەتایی لەو ناوەدەدا نیە .ئەگەر بەراووردی بکەین دەبین جیاوازیەکی زۆر هەیە. سەبارەت بە دەرچووی ناوەندی قوتابخانە بنەڕەتیەکان زۆرترین ژمارەی هێزی کاریان هەیە لەوئاستەو کە دەگاتە(٨٦) کەس و کەمترین ئەم هێزی کاری پەروەردەیەش لە باخچەکانی منداڵانن ژمارەیات(٢٣) کەسە، سەبارەت بە دەرچووی ئامادەیش لە باخچەکانی منداڵان و قوتابخانەی ئامادەیی هیچ دەرچویەک نیە کەچی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان(٢٧) کەسە، هەروەها دبلۆمی گەشەپێدان تەنها لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان هەن ژمارەیان(٢٢٨) کەسە.

نەخشەی ژمارە(٥) پۆلێنکردنی هێزی کار لە ناوچەی لێکۆلینەوە بەگوێرەی ناونیشانی وەزیفیان لە باخچەی ساوایان




گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاری توێژەر بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە(٦)

سەبارەت  بە دار المعلمین زۆرتین لە قوتابخانەی بنەرەتیەژمارەیان (١٠) کەس و لە باخچەی منداڵان (تەنها ٢)کەسن، لە قوتابخانەی ئامادەی نیە.هەروەها ئامادەیی خولی شیاندن تەنها لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان هەن ژمارەیان(١٢) کەسە، لەلایەکی ترەوە دبلۆم زۆرترین لە قوتابخانەی بنەرەتیە ئەم هێزی کارە ژمارەیان(١٢٧٤) کەسە  لە باخچەی منداڵان (٩٩) کەسە، ئامادەیی پیشەی زۆرترین لە قوتابخانە بنەرەتی ژمارەیان(١٨)کەس و کەمترین لە باخچەی مندلان تەنها یەک کەسە.هەروەها بەکالۆریوس زۆرترین لە قوتابخانەی بنرەتیە (٩٥١) هیزی کارەو ئامادەیی بە پلەی دووەم دێت (٧١٥) کەسە باخچەی منداڵان تەنها (١٣) کەسە،سەبارەت بە ماستەر زۆرترین ژمارە لە قوتابخانەی ئامادەییە (٥٤) کەسن تەنها (٢) کەسە لە بنرەتیە. شایەنی باسە سەبارەت بە بڕوانامەی دکتۆرا تەنها (٩) کەسە کەهەموویان لە قوتابخانە ئامادەیەکانی ناوچەی توێژینەوەیە ئەمە زیاتر بۆ بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە دەگەڕێتە کە هاڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا دەبێت لە قوتابخانە ئامادەیەکان وانە بڵێنەوە، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەرچاو هەیە لە بوونی بڕوانامەکان لە ناوەندەکانی خوێندن کە بە هێزی کاری ئەو ناوەندانە هەژمار دەکرێن. واتە زۆرترین هیزی کار بەگویرەی بروانامەکان لە دبلۆم کە ژمارەیان (١٢٧٤) کەسن وە نزمترین بروانامە لەناوچەی لیکۆلینەوە بریتیە لە دیبلۆمی بالا کەتەنها (٤)کەسە,کۆی گشتی هیزی کار بۆ هەموو ئاستەکان لەناوچەی لیکۆلینەوە گەشتۆتە (٣٧٣١)کەس

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە(٦) پۆلێنکردنی هێزی کار لە ناوچەی لێکۆلینەوە بەگوێرەی ناونیشانی وەزیفیان لە قوتابخانەی بنەرەتی وقوتابخانەی ئامادەییەکان




کاری تویژەر بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە(٦)

خشتەی ژمارە(٦) پۆلێنکردنی هێزی کار لە ناوچەی لێکۆلینەوە بەگوێرەی ناونیشانی وەزیفیان

| ئاستی خویندن | ناوەندە فیرکارییەکان | | |
|---|---|---|---|
| | باخچەی مندالان | قوتابخانە بنەرەتییەکان | قوتابخانە ئامادەییەکان |
| بێ بروانامە | ١٥ | ٧٢ | ٣٣ |
| دەرچووی سەرەتایی | ٢٦ | ٢٤ | -- |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەرچووی ناوەندی | ٢٣ | ٨٦ | ٣١ |
| دەرچوی ئامادەیی | | ٢٧ | |
| دبلۆم گەشەپیدان | | ٢٢٨ | |
| دار المعلمین | ٢ | ١٠ | |
| ئامادەی خولی شیاندن | | ١٢ | |
| دبلۆم | ٩٩ | ١٢٧٤ | |
| ئامادەی پیشەی | ١ | ١٨ | ٢ |
| بکالوریۆس | ١٣ | ٩٥١ | ٧١٥ |
| دبلۆمی بالا | | | ٤ |
| ماستەر | | ٢ | ٥٤ |
| دکتۆرا | | - | ٩ |
| کۆی گشتی | ١٧٩ | ٢٧٠٤ | ٨٤٨ |

سه رچاوه كاری تویژه ران به پشتبه ستن به زانیارییه كانی حكومه تی هه ریمی كوردستان وه زاره تی په روه رده به رتوبه رایه تی په روه رده ی كه لار به شی پلاندانان داتایی بلاونه كراوه ٢٠٢٣

## ئەنجام

١-لەناوچەی لێکۆڵینەوەکە کۆی گشتی خزمەتگوزاری فێرکاری باخچەی ساوایان تەنها( ٧) باخچەی هەیە وە قوتابخانە بنەرەتیەکان( 59)قوتابخانەی بنەڕەتیە وە( 18)قوتابخانە ئامادەی هەیە

٢- ژمارەی مامۆستاو فەرمانبەر لەناوچەی لێکۆڵنەوەکە لەقوتابخانە ئامادەییەکان ٨٤٨کەس ،لەقوتابخانەی بنەڕەتی ٢٧٠٤کەس و لە باخچەی ساوایان 179کەسن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣-لەناوچەی لێکۆڵینەوەکە کۆی گشتی فەرمانبەروو مامۆستای کرێبەت تەنها 8کەس،وە ٣٧٢٣ فەرمانبەرومامۆستای هەمیشەین

٥- لەناوچەی لێکۆڵینەوەکە زۆرترین هیزی کار بەگویرەی بروانامەکان لە دبلۆم کە ژمارەیان (١٢٧٤) کەسن وە نزمترین بروانامە لەناوچەی لیکۆلینەوە بریتیە لە دیبلۆمی بالا کەتەنها (٤)کەسە.

## سەرچاوەکان


1. احمد,سەرکەوت حمەخورشید ,٢٠٢٢هەلسەنگاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی لەشاری کلار,گۆڤاری توێژەر,زانکۆی سۆران.
2. اسماعیل ,ایوب خلیل ,٢٠٢١,تە للاویردی دە روازە یە ک بو پلاندانای هە ریمی چاپی یە کە م چاپخانە ی کتیبخانە ی یاسایی هە ولیر.
3. تالب ,جە زا تؤفیق ,١٩٩٩,بایە خی جیۆ پۆلە تیکیی دانیشتوانی هە ریمی کوردستاني عیراق لە بلاوكراوە كانی سە نتە ری لیکولینە وە ی ستراتیجی کوردستان چاپخانە ی دلیر سلیمانی .
4. حمدان ,جمال ,١٩٩٧، جغرافية المدن، ومطبعة عالم الكتب القاهرة، الطبعة الثاني.
5. الخريف، رشود بن محمد، ٢٠٠٨,السكان المفاهيم والاساليب والطتبيقات، الطبعة الثانية، الرياض.
6. سليمان,باسم قاسم,٢٠٢٢,شیکردنە وە یە کی جوگرافی بو خزمە تگوزارییە کومە لایە تییە کان لە شاری بە ردە رە ش بە بە کارهینانی سیستە می زانیارییە جوگرافییە کان (GIS) ماستەر نامەی بلاوكراوە,زانکۆیی سەلاحەدین.
7. الشواوره,سالم علي ومحمود عبد الله الحبيس,٢٠٠١, جغرافيا السكان ( مدخل الى علم السكان ), ط1, دار صفاء للنشر و التوزيع, عمان.
8. العانی,براء كامل عبد الرزاق ,٢٠١١, التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية في مدينة الرمادي، اطروحة دكتوراه غير منشورة جامعة بغداد كلية اداب قسم الجغرافية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9. عبدالله محمد أقدورة الاداء الوظيفي للمناطق الحضراء بشعبية مصراتة (رسالة ماجستير منشورة، جامعة أم درمان الاسلامية، كلية الآداب قسم الجغرافية، 2005.
10. عطوى,عبدالله ، ٢٠٠١,جغرافيةالسكان، الطبعة الاولى، المطبعة دار النهضة العربية، بيروت.
11. محمد ,بنار حسن.محمد مهدى,٢٠٢٠,هە لسە نگاندنى جوگرافى بو باخچە كانى ساوايان لە شارى كەلار,گۆڤارى زانكۆى گەرميان.
12. محمد,نامدار محمد على,٢٠٢٢, دابە شبوونى خزمە تگوزاريى فيركاريى خويندنگە بنە رە تييە كانى قوناغى (٩-٧) لە شارى كە لار, گوشارى كوردستانيى بو ليكولىينە وە ى ستراتيجيى.
13. محمد,نەرمين عبدالله,٢٠٢٢,وەزيفەى بازرگانى لەشارى كلار ,ماستەرنامەى بلاوكراوە ,گەرميان.
14. حكومە تى هە ريمى كوردستان وە زارە تى پە روە ردە بە رتوبە رايە تى پە روە ردە ى كە لار بە شى پلاندانان داتايى بلاونە كراوە 2018
15. حكومەتى هەريمى كوردستان, وەزارەتى پڵاندانان, دەستەى ئامارى هەرێم, بەشى نەخشەسازى GIS,٢٠٢١.
16. دەستەى ئامارى هەريمى كوردستان,بەشى دانيشتوان و هێزى كار,٢٠١٢.
17. بەرێوبەرايەتى ئامارى گەرميان داتاى بڵاونەكراوە،2022.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The difference of location for the workforce in the Education sector in the center of Kalar district

**Chiman Omer Abdulrahman**
Department of Geography, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region. Iraq.
Email: Jaymin.omar.abdulrahman@gmail.com

**Sarkawt Hamakhursheed Ahmed**
Department of Geography, College of Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region. Iraq.
Email: Sarkawt.hamakhursheed@garmian.eud.krd

**San Salar Sami ALASAADI**
Department of Economics, College of administration and economics, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region. Iraq.
Email: Saansalar91@gmail.com

**Narmin Abdulla Mohammed**
Department of social, College of basic Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region. Iraq.
Email: Narmin.abdulla@garmian.edu.krd

***Keywords***: *workforce, ministry of education, primary and secondary school, kindergarten, GIS*

## Abstract:

In today's world of work one of the different sectors has been able to play a major role in the needs of society and the world. It is one of the sectors that directly affects the individual's life and has become a factor in the world's control over the world ،the economic sector is a major necessity of society and reflects the progress that society has achieved. The importance of conducting this study is that it discusses an important and influential aspect in the area of population

geography: the labor force at the level of the Ministry of Education in The city of Kalar. The aim of this research is to identify the research area and to know the level of labor force in the Ministry of Education in the research area. In the center of Kalar city ،the total number of employees and teachers is only 8 ،and 3723 employees and permanent teachers are in the Kalar city area and the highest workforce according to the certificates.

## التباين الموقعي للقوى العاملة في قطاع التعليم في مركز قضاء كلار

**الملخص:**

في عالم العمل اليوم ، تمكن أحد القطاعات المختلفة من لعب دور رئيسي في احتياجات المجتمع والعالم. هو أحد القطاعات التي تؤثر بشكل مباشر على حياة الفرد وأصبح عاملا في سيطرة العالم على العالم ، القطاع الاقتصادي ضرورة رئيسية للمجتمع ويعكس التقدم الذي حققه المجتمع

تكمن أهمية إجراء هذه الدراسة في أنها تناقش جانبا مهما ومؤثرا في مجال جغرافية السكان: القوى العاملة على مستوى وزارة التربية والتعليم في مدينة كلار. يهدف هذا البحث إلى التعرف على مجال البحث ومعرفة مستوى القوى العاملة في وزارة التربية والتعليم في مجال البحث. في وسط مدينة كلار يبلغ إجمالي عدد الموظفين والمعلمين 8 فقط، ويوجد 3723 موظفا ومدرسا دائما في منطقة لوكولين وأعلى قوة عاملة حسب الشهادات